## چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە لەسەر نوسراوی هاورێ موئەیەد ئەحمەد

**" سەبارەت بە ریفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان، کێشمەکێشی چینە کۆمەڵایەتیەکان و نوێنەرە سیاسیەکانیان"**

**موحسین کەریم- سەرەتای ئەیلولی ٢٠١٧**

سەرەتا ئەوە بڵێم کە هەرچەندە هەوڵم دا باسەکەم لەچوارچیوەی کۆمەڵێك سەرنجدا کورت بکەمەوە تا ئەوەندە درێژنەبێتەوە، بەڵام بەناچاری هەر بەوجۆرەی ئیستای لێهات. ئەگەرچی زۆر گۆشەو خاڵی دیکە لەباسەکەی هاورێ موئەیەدا دا هەن کە جێگای تێرامان و سەرنجم بوون، بەڵام خۆم لێ بواردن و تەنها فۆکەسم کردە سەر لایەنە سەرەکیەکانی باسەکەی هاورێ موئەیەد.

## ناکۆکی و هەڵوێستی دژ بەیەك لە پەیوەند بە مەسەلەی کوردەوە:

لە باسەکەی هاورێ موئەیەدا ناکۆکیەکی ئاشکرا بەرچاودەکەوێ سەبارەت بە مەسەلەی کورد. لەلایەکەوە دان بەوەدا دەنێ کە کێشەیەك هەیەو بەو ناوەوە پێویستی بەچارەسەرە. لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ ناوەرۆکی کێشەکە گۆڕاوەو لەسەر ئەو بنەمایەوە دژایەتی ئەو رێگاچارەیە دەکات کە خۆی لەسەرەتادا دەیخاتەروو.

هاورێ موئەیەد دەڵێ:". *لە گەل ئەوەشدا کە زولمی نەتەوەیی لە سەر خەلکی کوردستان نەماوە لە ئیستادا بەلام مەسەلەیەک هەیە بە ناوی مەسەلەی نەتەوەیی کوردەوە. ئەم مەسەلەیە کریستالیزەبووە(شکلی گرتووە) لە دریژەی چەند دەیە لە کێشمە کێش وجەنگ وتوندوتیژترین تاوان کە رژیمە قەومیە عەرەبیەکان وبەتاییەت رژیمی بەعسی فاشست ئەنجامی داوە بە دژی جەماوەر لە کوردستانی عیراقدا. هەر دیاردەیەکی کومەڵایەتی وسیاسی بۆ ئەوەی بەردەوام بیت پێویستی بەوەیە کە سەرلە نۆی بەرهەم بهێنرێتەوە، هوکاری سەرلەنوێ بەرهەمهینانەوەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ئیستادا، بە پلەی سەرەکی، ئەگەریتەوە بۆ ئەو کێشمەکێشە بۆرژوا ناسیونالیستیەی کە هەیە لە نیوان حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان ورەوت وحزبە ئیسلامی وقەومیە دەسەلاتدارەکانی عێراقدا. هەر تەنها هەبوونی رژیمی سیاسی بورژوازی ئیسلامی وقەومی لە عیراق وتەحەکوم کردنی حزبە بورژا قەومیە کوردیەکان بە چارەنوسی سیاسی خەلکەوە لە کوردستاندا خۆیان لە خۆیاندا دریژەدانن بە مەسەلەی نەتەوەیی کورد وهۆکارن بۆ بەردەوام بونیی ئەم مەسەلەیە بەم شیوەیەی ئیستای...* ***"(هێلی تەئیکد هی منە)***

لێرەدا هاورێ موئەیەد بە روونی دان بەوەدا دەنێت کە مەسەلەی کورد سەرباری نەمانی ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کوردزمان لە عێراق، بەڵام وەکو کێشەو مەسەلەیەکی سیاسی ماوەتەوە. ئەگەر وایە ئەم کێشەیە پێویستی بەوەیە چارەسەر بکرێ. بۆیە خۆی هەر لەو وتارەدا دەڵێت:

" *...مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکەدا گرفتێکی راستەقینەیەو پیویستی بە چارەسەرەو پێویستی بەوەیە کە مافی ئەو خەڵکە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان بۆ مانەوە لەناوچوارچێوەی عێراق و ئەو وولاتانەی دیکەدا یان جیابونەوە لێیان لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتیەوە دابین بکرێ. لەبەر رۆشنایی ئەوەی باسکرا، خاڵی دەستپێکردنی من، وەکو لەبەشی یەکەمی ئەم وتارەدا ئاماژەم پێکردوە، لە پەیوەند بە رایفراندۆمی ئێیستا لە کوردستانی عێراق، هەمان ئەم ئاراستەیەیە؛ واتە بروام وایە کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا پیویستی بە چارەسەر هەیە و هەروەها بروام وایە کە دانی ئەومافە بە خەڵك بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە لەرێگای ریفراندۆمێکی گشتیەوە بۆ مانەوە لەناو عێراق یان جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ باشترین رێگاچارەیە بۆ چارسەری ئەم پرسە* ***"( هێلی تەئکید هی منە)***

لەم بەشەی قسەکانیدا هاوڕێ موئەید نەك بەشێوەیەکی گشتی باسی ریفراندۆم دەکات وە کو ڕێگاچارەیەکی نمونەیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عێراقدا، بەڵکو بەدیاریکراوی باسی ریفراندۆمی ئێستا دەکات و هەمان پرەنسیپ دوبارە دەکاتەوە. ئەو لێرەدا هیچ ئاماژەیەك ناکات بەوەی کە بڵێ ئەم ریفراندۆمەی ئێستا؛ واتە ئەوەی پارتی بانگەشەی دەکات، ریفراندۆم نیەو پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کوردەوە نیە . باسی ئەوە ناکات کە دەبێ چ جۆرە ریفراندۆمێکی دیکە بکرێ، کێ بیکات و چۆن بکرێ تا ئەو کێشەیەی ئەو باسی دەکات چارەسەر بکات.

بەهەرحاڵ، ئەگەر تەنها ئەو بەشە لە قسەکانی هاوڕێ موئەید وەربگرین سەبارەت بە ریفراندۆم وەکو ڕێگاچارەیەکی نمونەیی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە کوردستان عێراق و سەربەخۆ لەو ریفراندۆمەی ئێستا کە لەلایەن پارتیەوە پێشنیار کراوە، ئەوا لەجێگایەکی دیکەی هەمان وتاردا بۆچوونێکی پێچەوانەمان بەرچاو دەکەوێ. هاوڕێ موئەید لە چەندین جێگای وتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. ئەم پرسە لەناو هەلومەرجێکی سیاسی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیدا دوبارە بەرهەم دێتەوە. خاسیەتی ئەم مەسەلەیە بەستراوەتەوە بە کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی نیوان بلۆکە ئیمپریالیستیەکان بۆ دابەشکردنەوەی ناوچەکەو دەورو نەخشی دەوڵەتە ئیقلیمی و هێزە ناوخۆییەکان بەتایبەتی پارتیەوە لەناو ئەم کێشمەکێش و بلۆکبەندیانەدا. هاوڕێ موئەید دەڵێت:

*" مەسەلەی جەوهەری ئەوەیە کە ئەمڕۆ پارتی یاری بە چارەنوسی خەلکەوە ئەکات لە خەتەرترین کاتەکانی خلیسکانی کومەڵگەکانو دارمانە یەک لە دوای یەکەکانیاندا، ولە توندوتیژترین قۆناغەکانی کێشمە کێش لە سەر دابەشکردنی زۆنی نفوزوپیادە کردنی ستراتیژە درێژ ماوەکانی وولاتە ئیمپریالیست وناوچەییەکان لە سەر ئاستی ڕۆژهەلاتی ناوەراست. بەو پێیە کێشەی نەتەوەیی کورد لە دلی ئەم بارودۆخانەدایەوبەردەوامە وسەرلەنوێ بەرهەم ئەهێنرێتەوە..." ( هێلی تەئیکد هی منە).*

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا پێ لەسەر ئەم بۆچونەی دادەگرێتەوە و دەڵێت**:**

" سیاسەت و ستراتیژی دابەشکردنی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارچەپارچەکردنی لەسەر بنەمای تائیفی و نەتەوەیی لەلایەن ئەمریکاو ڕۆژاواو هاوپەیمانەکانیان لەناوچەکەدا،خەریکە لەسەر حسابی وێرانکردن و کوشتاری سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکە جێبەجێ دەکرێ. ئێمە هێشتا لە ساتەوەختی ئەم پاشەوپاش گەڕانەوەو ئەم کارەساتە گەورەیەدا دەژین کە زۆربەی قوربانیەکانی خەڵکی عێراق و سوریا و وولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن.

*پرسی نەتەوەیی کورد و هەوڵی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی لەرێگای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە لەناو ئەم شەپۆلی پاشەوپاش گەڕانەوە گەورەیەی روبەرووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوەتەوە و لەم قۆناغە مێژوویە لە توندبونەوەی ڕکابەری جیهانی لەسەر دابەشکردنی ناوچەکانی نفوزو دەسەلات لەنێوان دەوڵەتە ئیمپریالیستیە دژ بەیەکەکان و هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا، دەچێتە پێشەوە....... سەربەخۆیی* کوردستان، چ لەرووی بابەتیەوەو چ بەپێی ستراتیکی پارتی، ناتوانرێ بەئاکام بگات، بەبێ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان پێکهێنانی دەوڵەت لەگەڵ بەرژەوەندیە جیوسیاسی و جیوستراتیژی یەکێك لەو قوتبە جیهانی و ناوچەییانەی کە لە ململانێی ئێستای عێراق و ناوچەکەدا ئامادەییان هەیە.. " ***(هێلی تەئکید هی منە).***

بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی هاوڕێ موئەید ئیتر کێشەی کورد و پرسی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق بەشێکە لە ململانێی نیوان هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکەو بەدیاریکراوی بەشێکە لە ستراتیژی سیاسی ئیمپریالیزمی ئەمریکاو لەو چوارچێوەیەدا دوبارە بەرهەم دێتەوە. سەربەخۆیی کوردستانیش وەکو مەسەلەیەکی بابەتی ومادی بەستراوە بە بەرژەوەندیە سیاسی و ستراتیژیەکانی ئەمریکایە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا و بەبێ ئەوە ئیمکانی نیە! بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی هاوڕێ موئەید، مەسەلەی کورد و پرسی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستانی عێراق، ئیتر ناوەرۆکێکی کۆنەپەرستانەی هەیەو بەشێکە لە جێبەجێبوونی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەناوچەکەدا.

ئەنجامگیریەکی مەنیقی لەم لێکدانەوەیەی هاوڕێ موئەید دەبوو ئەوەبوایە کە بەراشکاوی رایبگەیاندایە کێشەی کورد کۆتایی هاتوەو بوەتە پرسێکی کۆنەپەرستانەو ناڕەوا و هەرجۆرە پێشنیارێکیش لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بۆ چارەسەری ئەم

کێشەیە بەسەرچوو بێبنەمایە. بەڵام بە پێچەوانەوە، وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، هاورێ موئەیەد هەم دان بەبوونی کێشەکەدا دەنێت و هەم  پێشنیاری ریفراندۆم دەکات وەکو رێگاچارەی کێشەکە.

با بۆ ساتێك چاو لەو ناکۆکیانە بنوقێنین و ئەو گریمانەیە وەربگرین کە رەنگە هاورێ موئەیەد بڵێ ئەو وەکو پرەنسیپ بڕوای بە رێگاچارەی ریفراندۆم هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام ئەم ریفراندۆمەی بارزانی بەو رێگاچارەیە نازانێ و سیاسەتی بارزانی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بە بەشێك لە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا دەزانێ لە ناوچەکەدا. بەڵام هاورێ موئەیەد خودی بەرهەم هاتنەوەی کێشەی کورد لە ئێستادا بەبەشێك لە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا دەزانێ لەناوچەکە. خۆ ناکرێ مەسەلەی کورد دوو لایەنی هەبێت، یەکێکیان کۆنەپەرستانەو بەشێك بێت لە ئامانجی سیاسەتی پارتی و ستراتیژی ئەمریکا لەناوچەکەدا و دژی بوەستیتەوەو بەشێکی دیکەی پێشکەوتوخوازانەو هی خەڵکی کوردستان بێت و رێگاچارەی بۆ پێشنیار بکەیت!؟ مەسەلەی کورد بۆیە هەیە چونکە بۆرژوازی کورد توانیویەتی لەسەر بنەمای بوونی ستەمی میللی بەو قۆناغەی بگەیەنێ. دائەگەر وایە کەواتە بڕوابوونی هاورێ موئەیەد بە رێگاچارەی ریفراندۆم و دیموکراتیك بۆ پرسێکی سیاسی کە بەشێکە لە ئەجندای سیاسی و جیوستراتیژی ئەمریکا چ پاساو و پاکانەیەکی هەیە!؟  ئەگەر پرسێکی سیاسی بوبێتە بەشێك لە ئەجندای کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئیتر بۆچی هاورێ موئەیەد مەسەلەی ماف دێنێتە ئاراوە بۆ یەکلاکردنەوەی!؟ ئایا کاتێك مەسەلەی کورد بەوجۆرە بێت کە هاورێ موئەیەد باسی دەکات،  ئایا ئیتر بۆ کۆمۆنیستەکان رەوایە باسی مافی خەڵکی کوردستان بکەن بۆئەوەی ئازاد بن لە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دژی بەشەری ئیمریالیزمدا!؟

بە بڕوای من ئەمە ناکۆکیەکی ئاشکرایە کە هاورێ موئەیەد لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی و کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا تێی کەوتوە! لەلایەکەوە بڕوای بە بوونی کێشەکەو چارەسەری هەیەو لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ کێشەکە بەوجۆرەی جارانی نەماوە و ئاڵوگۆری بەسەردا هاتوە و وەکو ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕەش چارەسەرەکەی وەکو جاران نەماوە!  بەڵام جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە وە بکەین کە بزوتنەوەو حزبەکانی ئێمە لە عێراق وکوردستان دەمێکەیە ئەو گۆڕانکاریانەیان رەچاوکردوەو ئەو جیاوازیەشمان دیاریکردوە کە بەسەر مەسەلەی کورد دا هاتوە. لە بەرنامەی  هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق ، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەمی حزبی کوردستان و کۆنگرەی(٥)ی حزبی عێراق، کە هاورێ موئەیەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکەم و سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی دوەمە،  بەروونی باس لەوە دەکات کە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و روخانی بەعس، ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کورد نەماوە، بەڵام مەسەلەی کورد ناوەرۆك و شێوازێکی دیکەی وەرگرتوە و لەسەر بنەمای جێگیرکردنی پێناسەو جیاکاری و رکابەری و رق و کینەی نەتەوەیی ئەم کێشەیە درێژەی پێدراوە. من لێرەدا ناچارم کە برگەیەکی درێژ لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بهێنمەوە کە هەموو گۆشەکانی ئەم مەسەلەیەی چارەسەر کردوە. هەروەها پەرەگرافێکیش لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، پەسەندکراوی کۆنگرەی(٥) سەبارەت بە هەمان مەسەلە بخەمە پێشچاو.

*" هەرچەندە لە ئێستادا بورژوازی کورد بەدەسەڵاتی خۆی گەیشتوەو ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کورد کۆتاییهاتوە، بەڵام بە ڕەچاوکردنی؛ پێشینەی دوورودرێژی ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کورد لە هەموو وولاتانی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و دانی مۆری نەژادی و نەتەوەیی جیاواز لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، پراکتیزەکردنی جیاکاری نەتەوەیی و نەژادی دەرهەق بە دانیشتوانی غەیری عەرەب زمان کە هۆکاری دابەشکردنی دانیشتووانە لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی و نەژادی،..... کینە و قڵشتی نەتەوەییان کردوەتە یەکێك لە سیما دزێوەکانی کۆمەڵگای عێراق.*

*هەروەها ئاکامی جەنگی ئەمریکا و داگیرکاریی عێراق و روخانی رژێمی بەعس، نەخشەکانی ئەمریکا و بۆرژوازی عێراق بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، نەژادی و دینی و تائیفی، شکڵگرتنی قەوارەیەکی دەوڵەتی ناسیۆنال-ئیسلامی عەرەبی لە عێراق و قەوارەیەکی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی کوردی لە کوردستان و پێکەوە گرێدانیان لەسەر بناغەیەکی فیدراڵی، کە هەردولایان سەرمایەگوزاری گەورەیان لەسەر نەتەوەییگەرایی و قوڵکردنەوەی ناکۆی نەتەوەیی کردوە، قەڵشت و رکەبەری نەتەوەییان لە عێراقدا*

*بەویەری خۆی گەیاند. بەم پێیەش پێکەوە ژیانی ئاسودە و دوور لە دەردەسەری خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا سەخت و دژوار بووە.*

*بورژوازی بەدەسەلات گەیشتوی کورد بەردەوام لەم دۆخەی ئێستا کەڵک وەردەگرێت بۆ پەردەپۆشکردنی ناکۆکی چینایەتی و داتاشینی هاوچارەنوسی لە نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریای کوردستان لەسەر بناغەی نەتەوەیی، لە ناکۆکی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەب و دەوڵەتی ناوەندی دا. ئەمەش کۆسپ و ریگری لەبەردەم پەرەسەندنی خەباتی چیانیەتی و رەوتی شۆرسی کرێکاری پێکدەهێنێت.*

*حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەبات دەکات بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لە رێگای دەستەبەرکردنی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە رێگای پرۆسەیەکی هەلبژاردنی ئازاد و گشتی خەلکی کوردستانەوە......حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیدەکۆشیت بۆ یەکلایی کردنەوەی دەستبەجێی ئەم مەسەلەیە و دورخستنەوەی خەڵکی عێراق و کوردستان لە دوبەرەکی و رکەبەری نەتەوەیی لە رێگەی بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەژێر چاودێری دامودەزگا رەسمیە نێونەتەوەییەکان.*

*حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆراوجۆرەکانی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتەروو، نە تەنها بە هەنگاوێکی رووڵەپێش نازانێت بەئاقاری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکو ئەمانە بە گەڵاڵەیەك دادەنێ بۆ هەتاهەتایی کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو غەیرە کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ هەتا هەتاییکردن‌و یاساییکردنی جیاکاری نەتەوەیی و زەمینەسازی بۆ بەردەوامبونی ناکۆکی و کێشمەکێشە نەتەوەییەکان لە ئایندەدا."( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، برِگەی ' مەسەلەی کورد و ناکۆکی نەتەوەیی' لاپەرِە ٥٦، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم سالی ٢٠١٣)* ***( هێڵی تەئکید هی منە).***

*"...لەو حەڵەتەدا کە پاشخانی ستەمی نەتەوەیی و کێشمەکێشەکانی نێوان دانیشتوانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان وا دەکات کە مەسەلەی پێکەوەژیان لەچوارچێوەی وولاتدا کارێکی سەخت و پردەریسەر بێت، ئەوا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە چەوساوەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەرێگای گەرانەوەی راستەوخۆ بۆ رای ئەو خەڵکە، بەرەسمی دەناسێت." بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق،پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، ساڵی ٢٠١٢* ***( هێڵی تەئکید هی منە).***

بێگومان هەروەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی تەنها ستەمی میللی وەکو هۆکارێك بۆ قبوڵکردن و راگەیاندنی مافی جیابونەوە نازانێ، بەڵکو پێداگری لەسەر بوونی مەسەلە یان کێشەی نەتەوەیی دەکات کە بوەتە هۆی دابڕانی خەڵکی کورد و عەرەب و مەحاڵکردنی توانای پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نیوانیان، مەنسوری حکمەتیش لە نوسراوی (میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری)دا باس لەوە دەکات کە خودی بوونی ستەمی میللی کۆمۆنیستەکان ناگەیەنێ بەوەی کە بەرگری لە جیابونەوەی نەتەوەت چەوساوە بکەن، بەڵکو دەبێ ئەو ستەمە لەلایەن بۆرژوازی نەتەوەی ژێردەستەوە لە قەڵەمرەوی جیاکاری و نایەکسانی ئابوری و فەرهەنگیەوە گواسترابێتەوە بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەت و کێشە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی. کرابێتە کێشەو پرسێکی سیاسی- میللی. بۆئەوەی مەسەلەی میللی وەکو پرسێکی سیاسی سەرهەڵبدات، پێویستە ناسیۆنالیزم وەکو ئایدیۆلۆژیاو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هاتبێتە مەیدان.

*مەنسور حکمەت دەڵێ:" .. بوونی ستەمی میللی-ش خۆی لە خۆیدا بنچینەیەك نیە بۆ بە ڕەسمیەت ناسینی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی وولاتی سەربەخۆ. وەڵامی کۆمۆنیستی بە بوونی ستەمی میللی، خەباتە بۆ لابردنی ستەمی میللی......بەرەسمیەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنوس، یان مافی جیابونەوە، ... ئامرازێکە بۆ وەڵامدانەوە بە 'مەسەلەی میللی'. بوونی میللەت و ستەمی میللی، خۆبەخۆ مانای بوونی ' مەسەلەی میللی' نیە. ئەمە مەقولەیەکی بنەڕەتیە لە باسەکەی ئێمەدا..." مەنسوری حکمەت، (میللەت، ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری،*

*بڕگەی لە میللەوەتەوە تا" مەسەلەی میللی"، لە بڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەزمانی کوردی، لاپەڕە ٤٠)* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

*هەروەها مەنسور حکمەت دەڵێت:" راستیەکەی ئەوەیە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی دەبێ ناسیۆنالیزم وەکو ئایدیۆلۆژی و بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بەتەواوی هاتبێتە مەیدان. جیاوازیە میللی و قەومیەکان و نایەکسانیە ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان لەسەر بناغەی ئینتمای میللی، ئەو واقعیەتانەن کە بەدەستی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانەوە بەسەرەنجامی جیاجیا دەگەن. لیبرالیزم و کۆمۆنیزم و سۆشیال-دیموکراسی و ناسیۆنالزیم لەگەڵ ئەم واقعیات و پۆتانسیێلانەدا وەکو یەك رەفتار ناکەن. ناسیۆنالیزم ئەو رەوتەیە کە دەیەوێ تەبەلوری سیاسی ببەخشێتە ئەم قڵشت و جیاوازیانە. ناسیۆنالیزم ئەو رەوتەیە کە ئەم جیاوازیانەی ئێستاو داهاتوو راستەوخۆ بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی حوکمرانیەوە گرێ دەدات.*

*.....مەسەلەی میللی بەرهەمی ناسیۆنالیزمە، بەڵام چارەسەرکردنەکەی زۆرجار ئەکەوێتە ئەستۆی سۆشیالیزمی کرێکاری. باسی بەرەسمی ناسینی مافی جیابونەوە ئامرازێکی گرنگی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارە لەبەرامبەر بنبەست و قەیرانێك کە ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی خوڵقاندویانە. بەم پێیە هاتنە ناوەوەی باسی مافی جیابونەوە بۆناو بەرنامەی کۆمۆنیستی بەمانای بەرەسمیەت ناسینی توانای تێکدەرانەی ناسیۆنالیزمە لە دنیای بۆرژوایدا. .." (مەنسور حکمەت، هەمان سەرچاوە، بڕگەی 'ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی' لاپەڕە ٤٤-٤٧).* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

سەرەنجام بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، بە روونی و راشکاوی پرەنسیپێکی کۆمۆنیستی سەبارەت بە مەسەلەی میللی و مافی جیابونەوە دەخاتەروو کە دەڵێت:

*" لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان ئەو خەڵکانەی کە ناسنامەی نەتەوەیی جیاجیان دراوەتە پاڵ ، پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی وولاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕدەردەسەر کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لەرێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ." بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم، لاپەڕە ٥٦ .* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

دوای ئەو رونکردنەوانەی سەرەوە، مەسەلەیەك هێشتا ماوە کە ئاماژەی پێ بکەین، ئەویش ئەوەیە کە هاورێ موئەیەد بە بەڵگەی ئەوەی ناسیۆنالیزمی کورد خلیسکاوەتەوە ناو ستراتیژی و ئەجندای ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەوە، بۆیە ئیتر مەسەلەی کورد گۆڕانی بەسەردا هاتوەو بەهەمان شێوەش چارەسەری کێشەی کورد وەکو ساڵی ١٩٩٥ نەماوە کە مەنسوری حکمەت پێشنیاری کرد. ئەوەشی کردوەتە بیانوو بۆ رەتکردنەوەی ئەو پرەنسیپە کۆمۆنیستیەی ناو بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان. بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەوبارەوە دەڵێت:

*" وەکو بنەمایەکی گشتی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکەوەژیانی خوازیاری دانیشتوانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە، وەکو هاوڵاتی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لەچوارچێوەی وولاتانێکی گەورەتردا، کە ئەوەش ئاسانکاری دروست دەکات بۆ رێکخستنێکی بەهێزی ریزەکانی چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا. لەگەڵ ئەوەدا و لەو حەڵەتەدا کە پاشخانی ستەمی نەتەوەیی و کێشمەکێشەکانی نێوان دانیشتوانی سەر بە نەتەوە جیاوازەکان وا دەکات کە مەسەلەی پێکەوەژیان لەچوارچێوەی وولاتدا کارێکی سەخت و پڕدەریسەر بێت، ئەوا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە چەوساوەکان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لەرێگای گەڕانەوەی راستەوخۆ بۆ رای ئەو خەڵکە، بەرەسمی دەناسێت." بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق،پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەم، ساڵی ٢٠١٢* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

چ ئەوکاتەی مەنسوری حکمەت ئەو پێشنیارەی کرد دەربارەی جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، چ ئەوکاتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەو بنەمایەی لەناو بەرنامەی خۆیدا جێگیرکرد، ناسیۆنالیزمی کوردو سیاسەت و پراتیکی سیاسی حزبەکانی دابڕاو نەبوون لە جێبەجێکردنی ستراتیژی دژی مرۆیی و دژی کرێکاری هێزە ئیمپریالیستەکان و بەدیاریکراوی ئیمپریالیزمی ئەمریکا. ئەوکاتە هێزەکانی بۆرژوازی کورد لەسایەی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی نیزامی نویێ جیهانیدا دەوری خزمەتکارییان دەبینی**!** تەنانەت چ کاتێك بوە کە بزوتنەوەی کوردایەتی و بۆرژوازی کورد سەربەخۆ بوویێتن لە ئەجنداو بەرنامەی سیاسی ئیمپریالیستی و دەوڵەتە کۆنەپەرستە بۆرژواییەکانی ناوچەکە**!؟** مەنسوری حکمەت و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش ئەوەیان نەکردە بیانوو بۆ نەفیکردنەوەی ئەو رێگاچارەیە، کە ئێستا هاورێ موئەیەد وەکو بەڵگەیەکی تازە هێناویەتیەوە بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بەم پرسە.

هەڵبەتە هاورێ موئەیەد مافی خۆیەتی بۆچوونەکانی سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق بەو جۆرەی خۆی بڕوای پێیەتی بخاتەروو، بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەبێت کاتێك ئەو هەڵوێستەی پێچەوانەی هەڵوێستی حزبەکەی بێت کە چ لە کۆنگرەی (٥) و چ لە بەیانی ئەخیری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٩ دا هاتوە، سەرەتا دەبێ بچێ هەڵوێستی حزبەکەی بگۆڕێ، چونکە ئەو سکرتێری ئەو حزبەیەو سەرەتاکانی کاری حزبی و بنەمای رێکخراوەییەکانی حزبی سیاسی و کۆمۆنیستی ئەوە دەخوازێت.

لەجێگایەکی دیکەدا هاورێ موئەیەد ناکۆکیەکی دیکە لە بۆچونەکانیدا نمایش دەکات. سەرباری ئەوەی کە ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە بەشێك لە سیاسەتی ئەمریکاو رۆژاواو چەند وولاتێکی کۆنەپەرستی ناوچەکە دەزانێ کەپارتی جێبەجێ دەکات، کەچی بەپێچەوانەوەی ئەو بۆچونەوە قسە دەکات. بڕوای وایە کە هەرچەندە ستەمی نەتەوەیی لەئێستای عێراقدا لەسەر کورد نەماوە، منیش هاوڕام لەگەڵی، بەڵام ئەگەری مەترسی شەڕی نەتەوەیی بەهۆی سەقامگیربوونی زیاتری دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق و هەڕەشەی دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە ئیمپریالسیتیەکانەوە لەسەر کوردستان هەردەم زیاتر دەبێت. هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" نەمانی ستەمی نەتەوەیی ئەو هەڕەشانە لەبەین نابات کە لە داهاتودا روبەرووی حکومەتی هەرێم دەبێتەوە، بەڵام مەسەلەی بنەڕەتی ئەو روئیاو ستراتیژەیە کە پارتی پشتی پێوەداوە بۆ دەربازبوون لەو هەڕەشانە. ئەوە روونە کەهەر رادەیەکی باش لە قایمبوونی کۆڵەکەکانی نیزامی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی دەسەڵاتدار لە عێراقدا ئەگەری بەرەوسەرچوونی ململانێ و سەرهەڵدانی شەڕی نەتەوەیی لەنێوان ناوەند و هەرێمی کوردستاندا لەئارادا دەبێت، بەو کارەساتانەشەوە کە بەسەر خەڵکی کوردستان و عێراقدا دەیهێنێ. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، دەوڵەتانێکی وەکو ئێران و تورکیاو عێراق(لەژێر دەسەڵاتی بۆرژوا-ئیسلامی شێعە) هێزگەلێک دەبن کە هەڕەشە لە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن لە کوردستان. ئەمە، سەرەڕای دەستێوەردانەکانی هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەیی یەکان و ستراتیژیەتیان بەرامبەر ناوچەکەو بەوپێیەش کاریگەریەکانی لەسەر ئەم پرۆسەیە"*

بەڵام هاوکات لەهەمان وتاردا هاورێ موئەیەد بۆچوونێکی دیکەش دەخاتەڕوو کە پێیوایە ئەم ریفراندۆم و سەربەخۆییەی پارتی بەجۆرێك چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد دەکات. هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" هەموو ئەوانە، بێگومان، بە هەوڵەکانی پارتیشەوە بۆ سەپاندنی کۆنەپەرستی لەناوچەکەداو دامەزراندنی دەسەڵاتێك لەسەر بنچینەی میرنشینی و دەسەڵاتی بنەماڵەیی لەکوردستان و چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد بەوشێوە کۆنەپەرستانەیە، ئەویش لە دوالێکدانەوەدا چارەسەری سیاسی کێشەی نەتەوەییە" .*

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێشەوە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر ئەم ریفراندۆمە کێشەی نەتەوەیی کورد وەکو کێشەیەکی سەرەتانی کە خەڵکی کوردستان و عێراقی پێوە گیرۆدە بووە، چارەسەر دەکات، ئیتر بۆچی هاورێ موئەیەد دژیەتی**!؟** بۆچی خودی

کێشەی کورد هیچ روخسارێکی پێشکەوتنخوازی تێدایە!؟ مەگەر ئێمە کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی سۆشیالیست وەکو دومەڵێکی شێرپەنجەیی سەیری ئەم کێشەیە ناکەین کە بۆرژوازی هەردوو بەری کێشەکە، واتە پێشتر بۆرژوا- ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئێستاش بۆرژوای ئیسلامی- ناسیۆنالیستی عەرەبی لەگەڵ بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی بۆ کرێکارو زەحمەتکێشیان خولْقاندوە!؟ خۆ ریفراندۆم ئەوکاتەشی لەلایەن ئێمەوە خرایەروو بەومەرجە نەبوو کە هەر دەبێ خۆمان ئەنجامی بدەین! بەڵکو ئەوە رێگاچارەی ئێمە بوو بۆ ئەو کێشەیەو تەنانەت داواشمان لە ئەحزابی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کورد کرد بە بێنە پای ریفراندۆم، بەلام ئەوان ئەوکات بەرژەوەندییان نەبوو، بۆیە نەهاتنە پشتی ئەو پێشنیار ورێگاچارەیەی حزب. مەنسوری حکمەت سەبارەت بەوەی کە ئێمە ناچارین سەربەخۆیی قبوڵ بکەین نەك بژرادەی یەکەممان بێت، دەڵێ :

*"بەرەسمی ناسینی مافی جیابونەوە یەکێکە لەشێوازەکانی تیمارکردن، نەشتەرگەریەکی کۆمەڵایەتیە، کە لە هەلومەرجێکی وادا بەدەست چینی کرێکارەوەیە..."(مەنسوری حکمەت، نوسراوی ((میللەت، ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری))،بەزمانی کوردی، لاپەرە ٤١).*

بەلام ناکۆکیەکی دیکەی ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی هاورێ موئەیەد ئەوەیە کە ئەگەر ریفراندۆم وسەربەخۆیی ئێستا بەشێکە لە ئەجندای سیاسی و هەنگاویکی کردەییە بەئاراستەی جێبەجێکردن و جێگیرکردنی ستراتیژی ئەمریکاو دەوڵەتانی کۆنەپەرستی هاوپەیمانیەتی لەناوچەکەدا، بۆچی هەر ئەو دەوڵەتانە بە راشکاوی دژایەتی خۆیان بۆ رایفراندۆم راگەیاندوەو فشار بۆ پارتی و بارزانی دەهێنن کە دەستبەرداری بێت و تەنانەت هەرەشەی بڕینی کۆمەکەکانیان بۆ پێشمەرگە دەکەن!؟ ئایا دەکرێ ئەوان بەوجۆرە بەرەسمی و بەراشکاوی دژایەتیی ستراتیژی خۆیان بکەن!؟ یاخود تیۆری پیلانگێری ئەم گرێیە بۆ هاورێ موئەیەد دەکاتەوە!؟

## <u>هەڵویستی دژی بەیەك بەرامبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حوکمێکی ترسناك:</u>

هاورێ موئەیەد لە وتارەکەیدا باس لەوە دەکات کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەوەی پشتگیری لە ئەنجامدانی رایفراندۆمێك دەکات کە پارتی پێشنیاری کردوە، سیاسەتی (کۆپی پەیست)ی بەکارهێناوە لە پەیوەند بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە. هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" سیاسەتی سەربەخۆیی کوردستان کە لە سالی ١٩٩٥ لە لایەن هاوریمان مەنسور حکمەتەوە خرایە روو وەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئەو کات پەیرەوی لێکرد وخستیە دەستوری کاریەوە، پرۆژەیەکی دروست بوو بۆ چارەسەری مەسەلی نەتەوەیی کورد لەو کات و بارودۆخەدا.......<u>پیادە کردنی سیاسەتیک کە ٢٢ سال لەمەوبەر رامانگەیاندووە بە سەر واقعی ئەمرۆدا جگە لە پرۆسەی کویی وچەسپاندن ( کویی ویەیست)ی تەکنیکی شتیکی دیکە نیە</u>..."* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

رەنگە هاورێ موئەیەد بڵێ من دەربارەی ریفراندۆم بۆچوونم نەگۆڕاوە، بەڵام گرفتم لەگەڵ خودی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، کە ئێستا پارتی بانگەشەی دەکات. بەڵام ئەم قسەیەی هاورێ موئەیەد بە دیاریکراوی لەسەر بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە سەبارەت بە ریفراندۆم نەك سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت. هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" لەم بەشەدا بەدیاریکراوی دەچمە سەر هەڵویستی حزی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حزبە"کۆمۆنیستیە کرێکاریەکان"ی ئێران، کە زۆربەیان، بەشێوەی جۆرواجۆر و هەریەکە بەپێی بۆچوونی خۆی، بەرگری لە ئەنجامدانی <u>ئەو ریفراندۆم و</u> سەربەخۆییە دەکەن، کە لەلایەن پارتیەوە بەرێوەدەچێ...."* ***( هێڵی تەئکید هی منە).***

هاوڕێ موئەیەد هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دربارەی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ بە دابڕان لە ڕێڕەوی خەباتی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵگای کوردستان دژی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و حزب و سیاسەت و تاکتیکەکانی و لەوەش واوەتر بە واژۆکردنی کاغەزی سپی بۆ پارتی تۆمەتبار دەکات. هاوڕێ موئەیەد دەڵێت:

*" پێداگری لەسەر قبوڵکردنی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەوجۆرەو یەکلایەنە، بەبڕوای من، دابڕانە لە مێژووی کاروانی خەباتی رەوتی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵگای کوردستان بەرامبەر بە بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردو حزب و سیاسەتەکان و تاکتیکەکانی." هەروەها دەڵێت: "...بانگەشە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە بۆ بەشداری لە ریفراندومی ئێستا وەنگ دان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بە گوێرەی ئەجیندەی پارتی، شتێک نیە، بە داخەوە ئەڵیم، جگە لە داماڵینی دەوری پێشرەویی لە کۆمۆنیستەکان. نەک هەر ئەوەش بەڵکو دانی چەکی سپیە بە بۆرژوازی ناسیۆنالیستی کورد، وبە دیاریکراوی پارتی، بۆ ئەوەی یاری بکات بە چارەنوسی جەماوەر وبیانخاتە ناو بۆتەی سەرکێشیە تەهدیدئامیزەکانی بۆ سەر ئاسایش وئاسوودەییان .*

*بەرگری لە راگەیاندنی ریفراندومی ئێستاو سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن بارزانیەوە وبەو ئەجیندەیەوە کە نوقمی کۆنەپەرستی و ریسکە، وبەو دەسەلاتە دیکتاتۆرییەوە، شتێک نیە جگە لە هەنگاو نان لە دنیایکی نادیاردا وراکێشانی پرۆلیتاریاو جەماوەرە بۆ ناو خەتەرترین ریسک..وەهەر بەو پێیەش وون کردنی رێنماو دەوری پێشرەوانەیە لە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی کریکاری لە کوردستاندا." **( هێڵی تەئکید هی منە).***

ئەگەرچی هاوڕێ موئەیەد ریفراندۆم و سەربەخۆیی پێکەوە باس دەکات، بەڵام ئەو دوو مەسەلەیە جیاوازن. دەکرێ کەسێك لایەنگری ریفراندۆم بێت، بەڵام لەگەڵ جیابونەوەو سەربەخۆییدا نەبێ. بۆیە من سەبارەت بە داوەری ئەو سەبارەت بە سەربەخۆیی هیچ ناڵێم. پێشموایە مەسەلەی سەرەکی لە وتارەکەیدا رەخنەیە لە هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی ریفراندۆم، وەکو پێشتر ئاماژەم پێکردوە.

ئەگەر ئەو لێکدانەوەو حوکمەی هاوڕێ موئەیەد بەسەر ئەو هەڵوێستەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا جێبەجێ بکەین، ئەوا بەبڕوای من نەك نابێ پشتیوانی لەو حزبە بکرێ، بەڵکو دەبێ سەرکۆنەبکرێ و ئەو هەڵوێستەی ریسوا بکرێ! چونکە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە واژۆکردنی چەکی سپی بۆ پارتی، هاوکاری پارتی دەکات تا یاری بکات بە چارەنوسی خەڵکەوە و بەرەو کارەساتیان بەرێت! چونکە بەرەو قبوڵکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پارتیان دەبات و پرۆلیتاریاو جەماوەر رادەکێشێت بۆ ناو خەتەر و ئایندەیەکی نادیار! لەوەش خەتەرناکتر، ئەم سیاسەتەی پارتی بەشێکە لە ستراتیژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی. کەواتە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەو هەڵوێستەی سەبارەت بە ریفراندۆمی ٩/٢٥ نەك هەر دابڕاوە لە مێژووی خەباتی کۆمۆنیستی دژی ناسیۆنالیزمی کورد و خلیسکاوە بۆناو باوەشی ئەم ناسیۆنالیزمە، بەڵکو خەریکە وەکو ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لە ستراتیژی ئەمریکا لەناوچەکەدا خزمەت دەکات! ئێوە خۆتان دەڵێن ریفراندۆم ئەڵقەیەکە لە جیبەجێکردنی ستراتیژی رۆژاواو ئەمریکا کە پارتی ئەنجامی دەدات. ئەگەر وایە و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان خلیسکاوە بۆناو سیاسەتێکی کۆنەپەرستانەی پارتی و ستراتیژی ئیمپریالیستی ئەمریکی، ئیتر چی تێداماوەتەوە لە خەباتکردن دژی بۆرژوازی کورد، تا حزبەکەتان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە بەیاننامەکەی رۆژی ٢٠١٧/٧/١٢ی خۆیدا تایبەت بە ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥دا، کە تۆ سکرتێری ئەو حزبەیت پشتیوانی خۆتانی بۆ رادەگەیەنن!؟ ئایا لە قاموسی سیاسی دا بەوجۆرە هەڵوێستە دەڵێن چی!؟ بەیانەکەی حزبی عێراق دەڵێت:

*" هاوپشتی نێونەتەوەیی خۆمان رادەگەیەنین لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و سەرجەم کۆمۆنیستەکان لە کوردستاندا لە خەباتیان دژ بە بۆرژوازی ناسیۆنالیستی کورد وحزبە دەسەڵاتدارەکانی، لەسەرجەم مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا" **( هێڵی تەئکید هی منە).***

ئەو حوکمانەی هاوڕێ موئەیەد بەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستاندا کە چەکی سپی داوەتە دەست پارتی بۆ ئەوەی یاری چارەنوسی جەماوەر بکات و بەرەو ئایندەیەکەی نادیارو پرمەترسی پەلکێشیان بکات، حوکمێکی خەتەرە کە

لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی زهنی خۆی پێی گەیشتوە. کارەساتەکە لەوێدایە کە هاورێ موئەیەد بێجگە لەوەی سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە، کەبەو کارەی گورزێکی کوشندەی لە پەیوەندی هاوخەباتی و ئینتەرناسیۆنالیستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کوردستان وەشاندوە، هەروەکو شانوملی حزبەکەی خۆشی دەگرێتەوە. هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەو ئەم حوکمەی بەسەر حزبدا سەرەتایەکی ترسناکە بۆ شلکردنەوەوهەڵوەشاندنەوەی بنەماو پرەنسیپە حزبیەکان. ئەگەر هاورێ موئەیەد بەبێ ئەوەی بۆچوون و حوکمەکانی لەسەر حزب لەناو ئۆرگانی رابەری حزبی کوردستاندا خستبێتەروو وە سەلمێنرابن، لەئاستی عەلەنی و کۆمەڵایەتیدا بڵاوبکاتەوە، چۆن دەتوانێ داوا لە ئەندامێکی حزب بکات کە رەچاوی بنەماو پرەنسیپە حزبیەکان بکات!؟

هەروەها هاورێ موئەیەد ریفراندۆمی لەسەر پارتی تاپۆکردوە تا دژی بوەستێتەوەو ئێمەش بەوە تاوانبار بکات کە شوێن ریفراندۆمەکەی پارتی کەوتوین. بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەبیرخۆی بردۆتەوە کە تەرحی ریفراندۆم لەلایەن بزوتنەوەو حزبی ئێمە( حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)ەوە بۆ یەکەمجار وەکو رێگاچارەی کێشەی نەتەوەیی کورد خرایەڕوو. سەدان وتاری لەسەر نوسرا. دەیان چاوپێکەوتن و کۆڕو سیمینار و چالاکی بۆ ساز درا. چەندین ئۆرگان و بڵاوکراوەو کەمپینی بۆ بەڕێخرا. دەیان هەزار ئیمزای لەناو جەماوەردا بۆکۆکرایەوەو پێشکەشی نەتەوە یەکگرتوەکان کرا! لەوکاتەشەوە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پێکهاتوە وەکو سیاسەتی رەسمی حزب راگەیەنراوەو لە بەرنامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وکوردستاندا جێگیر کراوە. ئێستا ئەگەر پارتی بەهەر هۆکارێك و لەبەر بەرژەوەندی خۆی قبوڵی کردبێت، بۆچی دەبێ ئەو مێژوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبەکانی بە فەرامۆشی بسپێردرێت و بکرێتە مەدالیایەك و بەملی پارتی و بەرزانیدا هەڵبواسرێ!؟ ئەگەر هاورێ موئەیەد پێی وایە ئەوەی پارتی دەیکات ریفراندۆم نیە، ئەو هەموو باس و لێکدانەوەیەی نەدەویست. ئەوەندە بەس بوو کە چەند خاڵێکی دیاری بکردایەو بەپێی ئەو خاڵانە روونی بکردایەتەوە کە ریفراندۆمەکەی پارتی ریفراندۆم نیە! دەنا ناکرێ ریفراندۆمێك کە خۆت بیکەیت، قبوڵ بێت، ئەگەر کەسانی دیکە بیکەن نامەقبوڵ و دژایەتی بکەیت! ریفراندۆم هەر ریفراندۆمە، هەر کەسێك بیکات. ئەوەی وا دەکات ریفراندۆم نەبێ، ئەوەیە کە بنەماو پرەنسیپەکانی ریفراندۆمی تێدا نەبێت! کەی لە مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا بە مەرج پشتیوانی ریفراندۆم کراوە!؟ بێگومان پشتیوانی سەربەخۆیی مەسەلەیەکی دیکەیەو کۆمۆنیستەکان بەو مەرجە پشتگیری دەکەن کە هەنگاوێك بێت بەرەوپێش. گرفت و کێشەیەك چارەسەر بکات کە رێگری لەبەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی گرتوە یان گرفتی جدی بۆ پێکهێناوە. حزبی ئێمە کە بەرگری لە سەربەخۆیی دەکات لە ئێستادا لەبەرئەوەیە کە پێی وایە کێشەیەکی ئاڵۆزو پێچخواردوی کۆمەڵایەتی و سیاسی چارەسەر دەکات، کەناوی کێشەی کوردە. ئەو مەسەلەیەش بەروونی لە بەرنامەی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراقیشدا روون کراوەتەوە.

## <u>هەڵوێستی ناکۆك سەبارەت بە ریفراندۆم و ئەنجامگیریەکی سەیر:</u>

لە وتارەکەیدا هاورێ موئەیەد چەند هەڵوێستی ناکۆك و پێچەوانە بەیەکتر، سەبارەت بە ریفراندۆمی ٩/٢٥ دەخاتەڕوو، بەڵام یەکێك لەو هەڵوێستانە، نیشان نەدانی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکە. تەنها ئەوە نەبێ کە ئاماژە بە بەیاننامەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەکات سەبارەت بە هەمان ریفراندۆم. هاورێ باسی ئەوە دەکات کە لە بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا بانگەوازی خەڵك نەکراوە بۆ بەشداری لە ریفراندۆم و دەنگدان بە سەربەخۆیی، بەڵام وەکو پرەنسیپێك باسی لە ئازادی و مافی خەڵکی کوردستان کردوە بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم و بەرگریکردن لە ئاکامەکانی! سەرەتا دەکرێ پرسیارێك لە هاورێ موئەیەد بکەین. ئایا لەڕوانگەی ئێوەوە بەکردەوە جێبەجێبوونی ئەومافە چۆن دەبێت!؟ کەی و لەکام جۆرە ریفراندۆمێکدا؟ ئەی ئەگەر بانگەوازی خەڵکتان نەکردوە بۆ بەشداریکردن، ئایا بانگەوازتان کردون بۆئەوەی بەشداری نەکەن!؟ ئەگەر وەڵامەکەت ئەوەبێت کە حزبی عێراق لەچوارچێوەی گشتیدا هەڵوێستی خۆی لەو ریفراندۆمە راگەیاندوە و هەڵوێستی کۆنکرێت و تایبەت پەیوەندی بە حزبی کوردستانەوە هەیە، باشە حزبی کوردستان پشتیوانی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکات(پرەنسیپەکانی دیاریکردوە)، ئایا ئێوە دژی ئەو سیاسەتەی حزبی کوردستان دەوەستنەوە یان

نا!؟ پشتگیری دەکەن یان نا!؟ ئەگەر ئەو سیاسەتەی حزب بەوجۆرەی ئێوە باسی دەکەن، خەتەربێت، بۆچی بەرپرسیارێتی ئینتەرناسیۆنالیستی خۆتان جێبەجێ نەکرد و بە کرێکاری کوردستانتان نەووت ئەو سیاسەتەی حزبی کوردستان هەڵەیەو خەتەرەو چەکی سپی واژۆکردنە بۆ پارتی و بۆ ناو تونێلی سیاسی تاریکتان دەبات و شوێنی مەکەون!؟ لەم بارەدا خەڵك چی بکات و هەڵویستی چی بێت!؟ بەشداری بکات یان نا؟ دژی بوەستێتەوە یان لەگەڵی بێت!؟ باشە ئەگەر سەربەخۆ لە بانگەواز نەکردنی ئێوە بۆ بەشداری ریفراندۆم و دەنگدان بەسەربەخۆیی، پارتی توانی ریفراندۆمێك بەرێبخات و خەڵك بەشداری تێدا بکات و ئاکامی دەنگدانەکە بەڵێ بوو بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی، ئایا بەپێی بەیانەکەی حزب بەرگری لەو ئەنجامە دەکەن یان نا یان دژی دەوەستنەوە!؟ پرسارێکی دیکە ئەوەیە ئایا ئەگەر ریفراندۆم بوە ئەمری واقیع، ئێوە پێشنیاری مانەوە لەچوارچێوەی ئەم عێراقەی ئێستاداو بەپێی هەمان پەیوەندی فیدرالیزمی نەتەوەیی دەخەنە بەردەم هاوڵاتیانی کوردستان!؟ ئەگەر وەلامەکەتان نەخێرە، ئەی خەڵك چی بکات!؟

لە بەیانەکەی حزبی عێراقدا هاتوە:

*" .... ئەنجامدانی ریفراندۆمی ئازادانە دەربارەی جیابونەوە لە عێراق و ( دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ) یاخود مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا، بەمافی یەکسانەوە یەکێکە لە مافە رەواکانی جەماوەری کوردستانی عێراق، هەروەها میکانیزمێکی گونجاوە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەکاتی ئێستادا(لەژێر سەرپەرشتی دامەزراوە رەسمیە نێودەوڵەتیەکان).." بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەربارەی ئەنجامدانی ریفراندۆم....١٢/٧/٢٠١٧).* ***( هێڵی تەئکید هی منە).***

ئەو راگەیاندنەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پەیوەند بە پرسێکی سیاسی و رووداوێکی سیاسی دیارکراوەوە دەرکراوە کە ریفراندۆمی ٩/٢٥ یە، نەك راگەیاندنی هەڵوێست و رێگاچارەی حزب بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە کێشەی کورد! چونکە وەکو هاورێ خۆی دەڵێ لە کۆنگرەی(٥) دا لەناو بەرنامەی حزبدا ئەو مەسەلەیە جێگیرکراوە. بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەو راگەیاندنە بۆئەوەیە کە هەڵوێستی حزب سەبارەت بەو ریفراندۆمە بخاتەڕووا! ئەگەر وەکو هاورێ موئەیەد دەڵێ ئەوە تەنها هەڵوێستێکی مەبدەئیەو تایبەت نیە بە هەڵویست لەو روداوە سیاسیە، کەواتە بەیانەکەی حزبی عێراق هیچی نەوتوە لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەوبارەشدا نەك هەرچی بایەخی سیاسیە لەدەستی دەدات، یان ئەوەتا وەکو هەڵوێستێکی تەمومژاوی هێشتویانەتەوە تاهەرکاتێك پێویست بوو بەپێی مەیلی و ویستی سیاسی خۆیان تەفسیری بۆبکەن!

هاورێ موئەیەد، ئەگەرچی ئەو برگەیەی بەیانەکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی هێناوەتەوە کە رۆژی ١٢/٧/٢٠١٧ بڵاویان کردۆتەوە، کە لەوێدا وەکو خۆی دەڵێ بانگەوازی خەڵك ناکات بۆ بەشداریکردن، بەڵام دژی ریفراندۆمەکەش نەوەستاوەتەوەو بانگەوازی خەڵکی نەکردوە بۆ بەشداری نەکردن! هەڵبەتە ئەوە کاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نیە کە بانگەوازی خەڵکی کوردستان بکات بۆ بەشداریکردن و دەنگدان بە سەربەخۆیی، بەڵکو ئەوەی لەسەرە کە هەڵویستی ئینتەرناسیۆنالیستانە و مەبدەئیانەی خۆی سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەکو مافێکی خەڵکی کوردستان رابگەیەنێت و هێڵی سیاسی چینی کرێکاری عێراق لەسەر ئەو پرسە، لە هەڵویستی سیاسی بۆرژوا- ناسیۆنالیست- ئیسلامی شۆڤێنیستی عەرەبی جیابکاتەوە و هەر ئەوەشی کردوە! بەڵام هاوڕێ موئەیەد ئەم هەڵوێستەی حزبی عێراقی لە پەیوەند بە ریفراندۆمی ٩/٢٥ کردۆتە هەڵویستێکی دابڕاو و بێ پەیوەند، تا بەپێچەوانەی ئەو هەڵویستەی حزبی خۆیانەوە، هەڵویستی دژایەتی ریفراندۆم هەڵبژێرێ. هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" .. ئەو کۆمۆنیستانەی کە دژایەتی سیاسەتی ئێستا دەکەن؛ واتە ریفراندۆمی ئێستاو سەربەخۆیی وەکو ئاکامێکی ئەو ریفراندۆمە، ئەوە ئەوان دەستپێشکەرنین، بەڵکو ئەوان لە پێگەی ئۆپۆزیسۆنەوە دژی ئەو مەسەلەیەن. شێوازەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆن بوونە رەنگە دژایەتی ریفراندۆم و دەنگدان بێت بە نەخێر، لە هەموو حاڵەتێکدا خاسیەتی بنەرەتی ئەم هەڵویستە دژایەتیکردنی دەسەڵاتی ئێستاو سیاسەت و ستراتیژەیەکەتی و پێشنیارەکەی بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی.."* ***( هێڵی تەئکید هی منە)***

هاورێ موئەیەد لێرەدا دەچێتە پاڵ بەرەی نەخێر بە ریفراندۆم و وەکو هەڵوێستێکی ئۆپۆزیسۆن و ئیجابی پاکانەی دەکات! ئەم هەڵوێستەش بە دژایەتی دەسەڵاتی ئێستای پارتی و بۆرژوازی کوردو سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی دەزانێ، کە ریفراندۆم و سەربەخۆیش بەشێکیەتی! ئایا ئەمە دژایەتیکردنی ئاشکرای ئەو هەڵوێستەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نیە!؟ ئایا جیاوازی ئەم نەخێرەی هاورێ موئەیەد و نەخێرەکەی باڵی بۆرژوازی ناڕازی کورد لەچیدایە!؟ ئەوانیش وەکو هاورێ موئەیەد پێیانوایە نەخێرەکەی ئەوان دژایەتی گەندەڵی و حوکمی بنەماڵەییی و میرنشینی پارتی و یەکێتیە، بەرهەڵستکاریە بەرووی دەسەڵاتی سەرکوتگەری ئێستا، بۆ بەرگریە لە بژێوی و نان و ماف وئازادی و ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان. ئەی هاورێ موئەیەد دەربارەی ئەو وتارەی هاورێ سامان کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی، لەژێرناونیشانی(لە پەیوەند بە بزوتنەوەی" نەخیر لە ئێستادا.")، کە لەسەر پەیجی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆیی بڵاوی کردۆتەوە، چی وەڵامێکمان دەداتەوە کاتێك هاورێ سامان دەڵێ:

*" مەسلەی ئەسڵی ئەم بزوتنەوەیەی کە دەڵێت 'نەخێر لە ئێستادا'، 'بەڵێ'ی ئایندەیە بۆ ریفراندۆمێك کە ئەمڕۆ بارزانی رابەرایەتی دەکات. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاندوە کە ریفراندۆم لە ئێستادا نەکرێت و دوابخرێ بۆ دوای داعش. ئایا ئەم یەك گرتنەوەیەی دواخستنی ریفراندۆم لەلایەن (بزوتنەوەی نەخێر لە ئێستادا) و لەلایەن وەزارەتی دەرەوی ئەمریکاوە بە رێکەوتە یان ئەم یەکگرتنەوە سیاسەتێکی فراوانتر و مەنتقەییترە. ئەمریکا دەیەوێ کوردستان ساغ بکاتەوە بەتەنیا بۆ خۆی.... نایەوێ کوردستان دوو زۆنی پارتی و یەکێتی بێت ودەبێت یەك زۆنی ئەمریکی بێت.. ساغکردنەوەی کوردساتنە بۆ ئەمریکا وپرۆژەکەی شاسواریش خزمەت بەم سیاسەتەی ئەمریکا دەکات."* ***( هێڵی تەئکید هی منە و قسەکانی هاورێ سامان بەشێوەی دەنگ بوەو لەلایەن منەوە نوسراوەتەوە).***

بەدەر لەوە، ئەگەر هاورێ موئەیەد لایەنگری نەخێرە، چۆن نەخێرەکەی خۆی لە نەخێرەکانی گۆران و کۆمەڵ و بزوتنەوەکەی شاسوار جیادەکاتەوە؟ ئایا نەخێر بۆ ریفراندۆم ناکەتە بەڵێ بۆ فیدراڵیزمە قەومیەکەی ئێستا!؟

مەسەلەیەك کە هاورێ موئەیەد باسی دەکات گوایە نەخێر بە ریفراندۆمێك کە پارتی پێشنیاری کردوە مانای نەخێرە بەدەسەڵاتی ئێستا، لە چەند لایەنەوە جێگای قسەو تێڕامانە. یەکەم؛ هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان پرسی ریفراندۆم و ئۆپۆزیسیون بوونی دەسەڵاتی ئیستا، چونکە ریفراندۆم پەیوەندی بە یەکلاکردنەوەی کێشەیەکەوە هەیە کە مەسەلەی کوردە. ئەم مەسلەیە پەیوەندی بە مەسەلەی ئەدای حکومەت و دەسەلات و گەندەڵی و نایەکسانی و خەسڵەتی بۆرژوابوون و کۆنەپەرستبوونی دەسەڵاتەوە نیە. رەنگە ئاکامی ریفراندۆم دەوڵەتێکی بۆرژوایی بێت کە کۆنەپەرست و سەرکوتگەر بێت، بەڵام کێشەیەك چارەسەر دەکات کە ناوی کێشەی کوردە، وەکو هاورێ موئەیەد خۆی هەر لەو نوسینەیدا وەکو ئەگەرێك باسی دەکات. رەنگە واش نەبێت و دەوڵەتێکی بۆرژوایی بێت کە ناچاربێت رەچاوی جۆرێك لە ئازادی و مەدەنیەت و سیکولاریزم بکات و خۆی بەدەوڵەتێکی قەومی ناوزەد نەکات! ئەمەیان کەوتۆتە سەر دەورو نەخشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و یەکسانیخوازی نارازی بەدەسەڵاتی ئێستا لە پرۆسەی ریفراندۆم و جڵەو شل نەکردن بۆ پارتی کە ببێتە تاکە سواری مەیدانەکە، واتە ریفراندۆم و سەربەخۆیی. بانمونەیەك بهێنینەوە بۆ زیاتر رونکردنەوەی باسەکە. ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی قەومی کۆنەپەرستی عێراق ریفراندۆم قبوڵ بکات و بڕوا بەوە بهێنێ کە لەجیاتی هێرش و پەلاماری سەربازی و جەنگ بۆ گێڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆسەر عێراق، لە ریفراندۆمێکی ئازاد( یان لانی کەمی ئازادی تێدا دابین بکرێ کە پرۆسەی ریفراندۆم و دەنگدان بێماناو لەبار نەبات)، ئایا هاورێ موئەیەد دەڵێ نا ئەوە قبوڵ نیە، چونکە ریفراندۆم پێشنیارو سیاسەتی ئەو دەوڵەتە کۆنەپەرستە ئیسلامی- ناسیۆنالیستەیە!؟

دووەم؛ ئەو بزوتنەوەو هێزە دیاروخاوەن قسەیەی کە دژی ریفراندۆم دەوەستێتەوەو خۆی لەبەرەی "نەخێر"دا پێناسە دەکات، باڵە نارازیەکانی بۆرژوازی کوردن کە کێشەیان لەگەڵ بارزانیدا لەسەر بەشی خۆیانە لە دەسەڵاتی سیاسی دا. ئەوان بەومانایە دژی پارتین، نەك بەشێوەیەکی گشتی دژی دەسەڵات، کە هەست بە کەم بوونی بەشی خۆیان دەکەن لە نازو نیعمەتی چەوساندنەوەی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان. حزبە سیاسیەکانی ئەم بەرەیە؛ بزوتنەوەی گۆڕان،

کۆمەڵی ئیسلامی و بەشێکی یەکێتی نیشتمانیە لەگەڵ سەرمایەدارێکی سەر بە قوتابخانەی گۆڕان؛ واتە شاسوار عبدالواحیدن.

سێهەم؛ بەداخەوە ئەم تیپە لە حزبی بۆرژوازی و خاوەن کۆمپانیا توانیویانە رقی خەڵک لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوە وبێمافیەك کەلایەن دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، هەڵمژن و لەژێر کاریگەری چەواشەکاریەکانی ئەم بەرەیەدا، لەپاڵ بەرەی نەخێردا خۆیان ببیننەوە! ناکرێ هاورێ موئەیەد دڵ بەوە خۆش بکات کە خەڵك لەپاڵ باڵێکی بۆرژوازیدا دژایەتی باڵی خاوەن دەسەڵاتی بۆرژوازی بکات!؟ بەشێك لە کاری ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەوەیە کە دەبێ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەژێرکاریگەری چەواشەکاریە سیاسیەکانی بۆرژوازی نارازی و هەلپەرست دەربکێشین نەك تەقدیسی بکەین! کاری ئێمە ئەوەیە کەهاوکات رێگا نەدەین پارتی و بۆرژوازی دەسەڵاتدار ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکەنە بیانوویەك بۆ وەڵام نەدانەوە بە کێشەو گرفتەکانی ژیان و گوزەران و پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵك و چاوەڕوان هێشتنەوەیان بەدیار دەوڵەتی سەربەخۆوە! دەبێ رێگا نەدەین بە بیانووی دەوڵەتی سەربەخۆوە برسێتی و هەژاریمان بەسەردا بسەپێنن! دەبێ هەر لەئێستاوە ئەوە رابگەیەنین کە دەوڵەتی داهاتوو، دەبێ دەوڵەتی هاوڵاتیان بێت، دەبێ دەوڵەتێك بێت کە نان و ئازادی بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان دابین بکات. دەبێ ئەو وەهم و خۆشخەیاڵیە برەوێنینەوە کە دەسەلاتداران و پارتی لەناو جەماوەردا دەیچێنن، گوایە پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەموو کێشەکانی ژیان و گوزەرانیان چارەسەر دەکات و بەهەشتیان بۆ دەهێنێتە سەر زەوی! تەنها وتەنها خەباتی هوشیارانەو سیاسی جەماوەرە کە دەتوانێ رێگا لەوە بگرێ ریفراندۆم لەسەر بارزانی تاپۆ بکرێت و مافەکانیشیان لە قوڕگیان دەربهێنن!

چوارەم؛ ئەگەرهاتوو بەپێچەوانەوە، لەجیاتی پارتی، گۆڕان یان کۆمەڵی ئیسلامی بانگەشەی ریفراندۆمیان بکردایە و پارتی لەگەڵی نەبوایە، وەکو ئەوکاتەی حزبی ئێمە بانگەشەی ریفراندۆم و سەربەخۆییمان دەکردو حزبە بۆرژواییە ناسیۆنالیستەکان دژایەتیان دەکرد.ئایا لەوبارەدا دژایەتیکردن و نەخێر بۆ ریفراندۆم مانای چی دەبوو!؟ ئایا یەکسەر نەخێرەکەی پارتی مەحکوم و "بەڵێ" کەی گۆڕان وکۆمەڵ مەشروع دەبوو!؟ ئایا تەنها بوون لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆندا( کە لەراستیدا ئەو دوو حزبە نەك ئۆپۆزیسۆن نین، بەڵکو بەشێکن لە دەسەڵاتی کۆنەپەرست و دژی کرێکاری و بۆرژوایی ئێستا کە پارتی سەرکردایەتی دەکات!) پاکانەی هەڵوێستە سیاسیەکانی هێزو حزبێکی سیاسی دەکات!؟

هەڵبەتە هاورێ موئەیەد لەپاڵ تەمجیدکردنی هەڵوێستی نەخێردا، بەو کۆمۆنیستانەی لایەنگری لە ریفراندۆمی ئێستا دەکەن دەڵێ :

*" ئەو کۆمۆنیستانەی بەرگری لە پرۆژەکەی پارتی دەکەن لە پەیوەند بە ریفراندۆمی ئێستاوە، پێویستە ئامادەبن بۆ قبوڵکردنی ئاکامەکانی ئەم سیاسەتە و ئەم پرۆژەیە، پێویستە بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لەو دەوڵەتە لە ئەستۆ بگرن کە لە پارتی دروستی دەکات. ئەوەی پرۆژەکەی پارتی سەبارەت بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی، بەبێ مەرج، قبوڵ دەکات و وەکو پرۆژەیەکی بە قازانجی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی دەزانێت، ... پێویستە بەرگریکردن لەو دەوڵەتە سەربەخۆیە قبوڵ بکات کە لە ئاکامی سەربەخۆییەوە دروست دەبێت، بە هاندان و بانگەوازکردن بۆ قوربانیدانیش لە پێناویدا. ئەمەش بانگەشەی قوربانیدان بەژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوڵاتیان بەگشتی لەبەرەکانی جەنگ و قبوڵکردنی هەژاری برسێتی دەگرێتەوە بۆ بەرگری لە دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە کە حزبێکی بۆرژوازی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری وەکو بارزانی سەرکردایەتی دەکات". (**هێڵی تەئکید هی منە**).*

ئەم ئەنجامگیریەی هاورێ موئەیەد لە هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و حزبەکانی دیکەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئێران، سەبارەت بە ریفراندۆم، هیچ جیاوازیەکی نەهێشتوتەوە لەنێوان هەڵوێستی خۆی و هەڵوێستی ئەو کەسانەی کە دژایەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییان کرد لەسەر هەمان پرس! ئەوانیش بە ئێمەیان دەوت کە کەوتونەتە شوێن سیاسەتی پارتی و بەرگری لە دەسەڵاتی پارتی دەکەن. هاورێ موئەیەدیش بەزمانێکی شێوە دیپلۆماسی هەمان قسەمان پێدەڵێت. ئایا هاورێ موئەیەد دەتوانێ جیاوازی نێوان ئەو میسۆدەی خۆی و میسۆدی ئەوانمان بۆ دەست نیشان بکات لەم

مەسەلەیەدا. هاوڕێ موئەیەد ناچارمان دەکات، کە مادام پرۆژەکەی پارتیمان بۆ ریفراندۆم قبوڵ کردوە، دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەتی داهاتووی ئەویش قبوڵ بکەین و لەوەش خراپتر دەبێ بە هەموو شێوەیەك بەرگری لێبکەین! دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە سبەینێ بۆ بەرگری لە دەوڵەتەکەی پارتی و بۆرژوازی کورد داوا لە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بکەین قوربانی بدەن و هەژاری و برسێتی قبوڵ بکەن!

کام لۆژیك، هەر لەبەرئەوەی حزبێك بڕوای وایە ریفراندۆمێکی دیاریکراو، ئەویش بە کۆمەڵێك پرەنسیپەوە، دەتوانێ کێشەیەکی سیاسی کە ناوی کێشەی کوردە چارەسەر بکات، دەتگەیەنێ بەو ئەنجامەی کە دەبێ ئەو حزبە بەرگری لەدەسەڵاتەکەی سبەینێش بکات!؟ ئەی ئایا بەپێی هەمان لۆجیکی هاوڕێ موئەیەد دژوەستانەوەی بۆ پرسی ریفراندۆم، نایخاتە پاڵ هەمان ئەو شۆڤینیستە ئیسلامی و نەتەوەپەرستانەی عەرەب و پان عێراقیەوە کە دژی ریفراندۆم دەوەستنەوە، بەناوی دژایەتی مەسعود بارزانیەوە!؟ ئایا نایخاتە پاڵ ئەو بالە نارازیەی بۆرژوازی کوردەوە کە بۆ پاراستنی دەسکەوتە مادیەکان و سەرمایەکەی، بەناوی ئەوەی ریفراندۆمەکە هی پارتی و بارزانیە، دژی ریفراندۆم دەوەستنەوە!؟ ئایا بەپێی هەمان لۆجیك هاوڕێ موئەیەد نابێ لەجیاتی دژوەستانەوەی نەعرەتەی شۆڤینیزمی عەرەبی- ئیسلامی تایفەگەر دژی ریفراندۆم و مافی خەڵکی کوردستان کە لەبەیانەکەی حزبی خۆیاندا هاتوە، بکەوێتە بەرگریکردن لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و فیدرالیزمی قەومی و هەلومەرجی سیاسی فەلاکەتبار و کارەساتباری ئێستا!؟ ئایا هەر بەهەمان لۆجیکی هاوڕێ موئەیەد، ئەگەر هاتوو ریفراندۆم نەکرا یاخود دەنگی نەخێر لە ریفراندۆم دا بردیەوە، نابێ هاوڕێ موئەیەد تەحەمولی هەموو ئەو نەگبەتی و کارەسات و هەژاری و برسێتی و شەڕو دووبەرەکییە بکات کە بەسەر خەڵکدا دێت بەهۆی مانەوەی بارودۆخی ئێستاوە کە خۆشی دەڵێ ئەگەری ئەوە هەیە شەڕی نەتەوەیی روبەرووی خەڵکی کوردستان بێتەوە!؟ ئایا کاتێك حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم بەندەی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند، ئەو تەحەمول و بەرپرسیارێتیە سەیرو سەمەرانەی خستە ئەستۆی خۆی!؟

بێگومان ئێمە لایەنگری جیابونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سیکولارین. بەرپرسیارێتی باش و خراپی ئەمەش هەڵدەگرین. لەوەش زیاتر هەر وەکو لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە رامانگەیاندوە، ئەگەر ریفراندۆم بکرێت یان نەکرێت، تا کاتێک ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە سەرکوتگەرەی بۆرژوازی کورد لەسەرکاربێت، ئێمە بۆ هەڵپێچانی و بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی پشبەستو بە ئیرادەی خەڵک تیدەکۆشین. لاشمان وایە ئەگەر بەهانەی مەسەلەی کورد بۆ هاوچارەنوس نیشاندانی بۆرژوازی و پرۆلیتاریای کوردستان نەمێنێت، ئەم خەباتە باشتر دەچیتەپێش.

بەداخەوە ئەنجامگیریە سەیروسەمەرەکەی هاوڕێ موئەیەد هەر ئەوەی ماوە پێمان بڵێ کە دەبێ چەکی پارتی بکەنە شانتان و پێش کرێکاران بکەون بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەتەکەی بارزانی!

## هیچ نەکردن:

هاوڕێ موئەیەد وەکو سەرکردەی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کە دەبوایە نەخشی پێشرەوانەی هەبوایە لە تێپەڕاندنی لاوازی و کەموکوڕیە سیاسی و زاتیەکانی چینی کرێکار و فکرە و تەرحی سیاسی هەبوایە بۆ ئەوەی حزبەکەی و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و چینی کریکار لە کوردستان دەوری کاریگەرو پێشڕەوانە بگێڕن لە رواودوە سیاسیەکاندا، کەچی بەپێچەوانەوە خۆی دەداتە دەست لاوازیەکانی ئێستای بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری و لە کێشمەکێشێکی هەستیاری وەکو پرسی ریفراندۆم دا کە ئێستا کۆمەڵگای کوردستان و بگرە عێراق و ناوچەکەشی داگرتوە، پێشنیاری تەسلیمبوون بۆ کۆمۆنیستەکان و رابەرانی چینی کرێکار دەکات بەرامبەر بە هەلومەرجەکە. هاوڕێ موئەیەد دەڵێت:

*" لەرووی پراتیکیەوە، پرۆلیتاریاو جەماوەری بێبەش هیچ دەورونەخشێکیان نیە لەم ململانێیەدا لەپێناو دروستکردنی دەوڵەتدا، نە هێزێکی سیاسی کاریگەرن لەناو هاوکێشەی هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان و..."* هەروەها دەڵێت : *" هێشتنەوەی هەلومەرجی سیاسی ئێستا یان گۆران بۆ دەوڵەت و بەئاکام گەیاندنی سەربەخۆیی کارێکی سیاسی تایبەتە بە بۆرژوازی و حزبەکانیەوە، لەبەرئەوە کرێکاران و زەحمەتکێشان هیچ دەورو کاریگەریەکی جدییان نابێ لەم پرسەدا.* ***(هێڵی تەئکید هی منە).***

ئەگەر وایە هاورێ موئەیەد بۆ خۆت ماندوو دەکەیت و ئەو هەموو باس ولێکدانەوەیە دەکەیت!؟ ئایا هەر بۆئەوەیە پێمان بڵێیت هەموو شتێك براوەیەو بۆخۆتان لە ماڵەوە دابنیشن! ئەگەر وایە ئیتر چ پێویست بە بوونی حزب دەکات!؟ چ پێویست بە خەبات و ململانێی سیاسی دەکات!؟ چ پێویست بە کارو هەڵسورانی سیاسی- حزبی دەکات!؟ ئایا بەراست ئەمە ئەلگۆی کۆمۆنیزمێکی کاریگەرو دەخالەتگەرە لە پرسێکدا کە هەموو کۆمەڵگای داگرتووە!؟ ئایا مەیدان جێبهێڵین بۆ بۆرژوازی و حزبەکانی بۆئەوەی چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگا چۆن بیانەوێ دیاری بکەن، یان هەوڵ بدەین و تەحەدایان بکەین و دەورمان هەبێ لەسەر ئەوەی ئاراستەی کۆمەڵگای کوردستان بە چ ئاقارێکدا بڕوات!؟ ئایا هەمان بۆچوون ناکاتە ئەوەی کە کرێکارو کۆمۆنیزم نەك تەنها لە پرسی ریفراندۆمدا، بەڵکو لە هەموو مەسەلەو گرفتەکانی دیکەی پەیوەست بەژیان و ئایندەی سیاسی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆمەڵگای کوردستانەوە بێ رۆڵ و نەخش بمێننەوەو چاو لەدەستی بۆرژوازی بن!؟ ئایا ئەمجۆرە تیۆریە هۆکارێك نیە بۆئەوەی کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لە عێراقدا نەتوانێ وەکو حزبێکی سیاسی دەخالەتگەر بچێتەناو کێشەو ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای عێراقەوە!؟

هەروەها هاورێ موئەیەد بێجگە لەوەی بەوئاکامە دەگات کە کرێکارو کۆمۆنیزم هێز نین و توانای ئەوەیان نیە هیچ کاریگەریەك لەسەر ئەم رەوادوە سیاسیە گرنگەی ئێستا؛ واتە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دابنێن، بەوەش دەگات کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد بوەتە مەسەلەیەکی سیاسی و ستراتیژی بۆرژوازی کورد بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی چینایەتی خۆی، بۆیە پەیوەندی بە کرێکارەوە نەماوە. بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەکاتی ستەمی نەتەوایەتیدا مەسەلەیەکی هاوبەشی نیوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی کورد بووە! هاورێ موئەیەد دەڵێت:

*" ... ئەوەش مانای وایە کە مەسەلەی نەتەوەیی کورد بەرەو ئەوەچوە کە ببێتە مەسەلەیەکی سیاسی و ستراتیژی گرێدراو بە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی ناسیۆنالیست و حزبەکانی و سەپاندنی ئیرادەی خۆیان و مۆرکێ جەماوەری گشتی، هاوبەش لەنێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریا لە کوردستان وەکو مەسەلەیەکی سیاسی هەڵناگرێ وەکوئەو کاتەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر جەماوەری کوردستان هەبوو."* ***(هێڵی تەئکید هی منە).***

ئەگەر وایە ئیتر بۆچی هاورێ موئەیەد باسی چارەسەری کێشەی کورد دەکات!؟ بۆچی لەبەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا ئەو مەسەلەیە لانابەن!؟ بۆچی لەبەیانەکەی ٧/١٢ ی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراقدا دوبارە تەئکیدی لێکراوەتەوە؟ لەم وتارەشدا هاورێ موئەیەد لە چەند جێگادا تەئیکدی لێدەکاتەوە و تەئکید لەمافی خەڵکی کوردستانیش دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە!؟ واتە پرسی دروستکردنی دەوڵەتی بۆرژوازوی کورد، وەکو ئێستا هاورێ موئەیەد پێی گەیشتوە!؟

ئەم لێکدانەوەیەی هاورێ موئەیەد بەدەر لەوەی کە پاکانەیەکی تیۆریە بۆ سڕینەوەی نەخشی چینی کرێکارو کۆمۆنیزم لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، تا ئەو دەرەنجامەی لێ دەربکێشێت کە پێویست ناکات کرێکارو کۆمۆنیستەکان سەری خۆیانی پێوەبیەشێنن، لەکاتێکدا خۆشی وەکو فاکتەرێکی هەڵایسانی شەڕی نەتەوەیی لەنیوان کورد و عەرەب و تەماشای دەکات، هاوکات ناکۆکیەکی دیکەیە لە فکری هاورێ موئەیەد دا دەربارەی پرسی ریفراندۆم! بەپێێ ئەم لێکدانەوەیەی هاورێ موئەیەد مەسەلەی نەتەوەیی کوردو پرسی کورد ئیتر مەسەلەی هاوبەشی بۆرژوازی وکرێکاری کورد نیە، بەڵکو راستەوخۆ پەیوەستە بە مەسەلەی بیناکردنی دەوڵەتی بۆرژوازی کوردەوە. <u>بۆچی چ کاتێك مەسەلەی نەتەوایەتی لەروانگەو لەچاوی بۆرژوازیەوە پەیوەست نەبوە بە مەسەلەی دەسەڵات و دەوڵەتەوە؟</u> بەتایبەتی، وەکو لەپێشەوەش ئاماژەم پێداوە، مەنسوری حکمەت لەوبارەوە دەڵێ کە <u>ناسیۆنالیزم ئەو رەوتەیە کە جیاوازیە ئابوری و فەرهەنگیەکانی ئێستاو داهاتووش</u>

راستەوخۆ بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایدیۆلۆژی حوکمرانیەوە گرێ دەدات. بۆیە بەراستی پێموایە کە هاورێ موئەیەد کە باسێکی دورودرێژی نوسیوە سەبارەت بە گۆڕانکاریە سیاسییە جیهانیەکان و کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد، بەداخەوە، نەك ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەبەرچاو نەگرتوە کە لەدنیای واقیعدا رویانداوەو لەوبارەوە مەنسوری حکمەت لە نوسراوی( میللەت، ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری) دا بەووردی روونی کردۆتەوە، بەڵکو گەڕاوەتەوە بۆ هەڵویستی لینین سەبارەت بە مافی میللەتان بۆ دیاریکردنی چارەنوس، کە لەرووی مێژوویەوە کۆتایی پێهاتوە.

هەڵبەتە من لە هاوری موئەیەد زیاتر پێموایە کە پرۆلیتاریا و بورژوازی کورد لە دنیای واقعدا هیچ بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان لەنێواندا نەماوە. بەڵام باسەکەی ئیستامان دەربارەی کێشەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتیە کە قوربانیەکەی بە دوو دیودا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیشە، ئەویش مەسەلەی کوردە. لەلایەکەوە مانەوەی ئەم کێشەیە کارەسات و نەگبەتی بۆ خەڵک دێنێ و لەلایەکی دیکەوە، بەدەر لە ویستی من و هاورێ موئەیەد، خەلک دەکات بە زەخیرەی جێبەجێکردنی سیاسەتی بورژوازی کورد. بەدەر لە ویستی ئیمە مێژوویەک لە چەوسانەوەو جیاکاری و رق و کینەی نەتەوەیی و کوشتاری بە کۆمەڵ و ئەنفال و تاد. وای کردوە کە بۆرژوازی کورد بتوانێ بە ناڕەوا، خۆی و پرۆلیتاریای کورد هاو بەرژەوندی و هاوچارەنوس نیشان بدات. ئەمەش هەلومەرجێکی نالەبارو نەگونجاوی بۆ بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار لە کوردستان دروست کردوە و گوتاری سیاسی و تەنانەت ئایدیولۆژیای ناسیۆنالیزمی بەسەر زەین و فکری کرێکاراندا زاڵ کردوە! لەم حاڵەشدا ئەگەر پرۆلیتاریای کۆمۆنیست وەڵامی خۆی نەبێت، وەکو هاورێ موئەیەد پێشنیاری دەکات، مانای وایە هەموو پرۆلیتاریا دەچیتە ژێر ئاسۆ و بەدیلی بۆرژوازیەوە. ئەو دیدگایەی کە کۆمۆنیزم دەستەوەستان بکات لە ئاست دانی ریگاچارە بۆ هەرجۆرە کێشەیەکی واقعی دنیای ئەمرۆ کە کاریگەری لەسەر خەڵک و کۆمەلگا و خەباتی چینایەتی هەبیت، بە ناوی ئەوەی کە ئەمە مەسەلەی بورژوازیە، دوورە لە کۆمۆنیزمی کرێکاری و دەخالەتگەر و جەنگاوەر. ئەم دیدگایە لەسەردەمی بەلشەفیزم و مەنشەفیزمەوە یەکلابوەتەوە.

هاورێ موئەیەد وەکو ئەنجامگیریەك لەباسەکەی سەبارەت بە هەڵوێست لە ریفراندۆمی ئیستا ، دەڵێ:

> *" ئەوەی لەپێشدەمی کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی سۆشیالیستیدایە لە کوردستان، رابەرایەتیکردنی خەباتە بۆ سەپاندنی مەرجەکان بەسەر پارتیدا و ناچارکردنی دەسەڵاتە بە وەڵامدانەوە بە خواستە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەر، کردنەوەی دەرگایە بەرووی جەماوەردا بۆ قسەوباس لەسەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەکو مەسەلەیەکی چارەنوس ساز بەشێوەکی راشکاوو کاریگەرو بەرگریکردن لە بەرژەوەندی هاوبەشی خەباتی نێونەتەوەیی پرۆلیتاریای کوردستان و عێراق دژی سەرمایەو دەمارگیری نەتەوەیی لەهەردوو بەری کێشە و ململانێکە..."*

هەڵبەتە دیار نیە ئەو مەرجانەی هاورێ موئەیەد باسیان دەکات، چین و بۆچین؟ ئەوەش رۆشن نیە کە کردنەوەی دەرگا بۆ قسەوباس لەسەر ریفراندۆم مانای چی!؟ بەڵام ئەوە رۆشنە کە هاورێ موئەیەد دەڵێ لێگەڕێن ریفراندۆم و سەربەخۆییەکەیان بۆ خۆیان، بەڵام لەبەرامبەردا کۆمۆنیستەکان دەبێ رابەرایەتی خەبات بکەن بۆ ماف و خواستە ئابوریەکانی کرێکاران! ئەمەش مانای هیچ نەوتن بەرامبەر بە ریفراندۆم، چونکە بڕیار نیە کۆمۆنیستەکان ئەگەر باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی بکەن، ئیتر واز لە رابەرایەتی خەبات بۆ ماف و خواستە ئابوری و سیاسیەکانی کرێکاران و خەڵکی بێبەش و زەحمەتکێش بهێنن! بڕیار نیە لەنێوان خەباتکردن بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی و خەباتکردن بۆ باشکردنی ژیان و گوزەراندا سویچێکی سیاسی دانرابێت! ئەگەر یەکێکیان (ON) بوو ئەوی دیکەیان لەسەر (OFF) بێت و بەپێچەوانەوە!

## بەراوردێکی هەڵە و میکانیکی:

هاورێ موئەیەد بەراوردێکی هەڵە لەنێوان پرسی ریفراندۆم و هەڵوێستی ( بەڵێ و نەخێر) لە سکۆتلەنداو لە کوردستان و دەکات. پێیوایە کە هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان و کێشمەکێشەکان لە پەیوەند بە پرسی ریفراندۆمەوە، زیاتر لەو هەلومەرجەی سکۆتلەندا دەچێت، وەک لە سودان و کۆسۆڤۆ و تەیموری رۆژهەڵات! هاورێ موئەیەد دەڵێ

*"....ئەو ئەرگیومێنتەی سەبارەت بە سەربەخۆیی و ریفراندۆم لەئارادایە لەپەیوەند بە کرێکارو جەماوەری بێبەشی کوردستانەوە پرسێکی گرێدراوە بە مەسەلەو گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیە واقعیەکانەوە کە ئێستا لەسەر دەستی دەسەڵاتدارە بۆرژوازیە ناسیۆنالیستەکانەوە پێوەیان دەناڵێنن، زیاتر لەوەی کە ئەرگیومێنتێك بێت پەیوەندی بە هەست و" سۆز"ی نەتەوییەوە بێت!..... ئەگەرهەرەشەکانی داهاتوو لەسەر کوردستان بخەینەلاوە، ئەوا سکۆتلەنداو کوردستان لەرووی زاڵبوونی پەیوەندیەکانی سەرمایەداریەوە جیاوازییان نیە و، لەرووی ئەو ململانێیەی لەناو کۆمەڵگاداهەیە سەبارەت بە چۆنیەتی قوتبەندی لەدەوری بەرەی بەڵێ و نەخێر، نمونەی سکۆتلەندا زیاتر لە نمونەکانی پێشوتری وەکو باشوری سودان و کۆسۆڤۆ و تەیموری رۆژهەڵات لە ریفراندۆمی کوردستان نزیکترە."* ***(هێڵی تەئکید هی منە).***

گرفتێکی گەورەی هاورێ موئەیەد لەو بەڵگەیەی هێناویەتیەوە بۆ لێکچواندنی ریفراندۆمی سکۆتلەنداو کوردستان ئەوەیە کە بۆ ئەوەی قەناعەت بەخۆی بکات کە ئەو دوو پرسە وەکو یەکن، مەترسیەکانی داهاتوی لەسەر کوردستان( وەکو خۆی دانی پێدا دەنێت) وەلاناوە و ئینکاری بوونی کێشەی نەتەوەیی دەکات لە کوردستان! هاورێ موئەیەد ئەوەی بە نمونە هێناوەتەوە کە لەهەردوو کۆمەڵگای کوردستان و سکۆتلەندا پەیوەندیەکانی سەرمایەداری زاڵە! ئەمە هیچ بەڵگەیەك نادات بەدەستەوە بۆ لێکچواندنی ریفراندۆمی کوردستان و سکۆتلەندا! ئەمە رەنگە تاقە خالی هاوبەشی هەموو وڵاتانی دنیای ئەمرۆ بێت. کاتێك مەنسوری حکمەت پێشنیاری ریفراندۆم و سەربەخۆیی کرد بۆ کوردستان پەیوەندیەکانی سەرمایە لە کوردستان زاڵ بوون. بەڵام مەنسوری حکمەت لەسەر بنەمای ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردزمانی عێراق کە سەرەنجام لەلایەن بۆرژوازی کوردو عەرەبەوە تەحویل کرابوو بۆ کێشە و پرسێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و پرکارەسات، پێشنیاری چارەسەری ئەو مەسەلەیەی کردو لەهەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراوی ئەوکاتی کوردستانیشدا جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی وەکو رێگاچارەی کێشەکە پێشنیار کرد. مەنسوری حکمەت تەنانەت لەسەر بنەمای بوونی ستەمی نەتەوەیی بەو ئاکامە نەگەیشتبوو کە ریفراندۆم و جیابونەوە بۆ هەموو نەتەوەیەکی چەوساوە پێشنیار بکات. ئەو بەرۆشنی باسی بوونی کێشەی نەتەوەیی دەکات. کێشەیەك کە دەبێ چارەسەر بکرێ و کرێکاری کوردستان لەکارەسات و نەگبەتیەکانی رزگار بکات. تەنانەت لینین لە باسی خۆی سەبارەت بە مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنوس، سەرباری بینینی هەندێ لایەنی ئیجابی لە بزوتنەوە ناسیۆنالیستیەکانی سەردەمی خۆی، بەڵام مەسەلەی دەمارگیری نەتەوەیی وەکو پرسێکی جدی رەچاودەکات لە پەیوەند بە مافی جیابونەوەی نەتەوە چەوساوەکانەوە!

هاورێ موئەیەد خۆی دان بەوەدا دەنێت کە مەترسی داهاتوو لەسەر کوردستان هەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لەسەرکاربوونی حکومەتێکی بۆرژوازیی نەتەوەپەرست و ئیسلامی سیاسی کۆنەپەرست و لەگەڵ هەررادەیەك لە بەهێزبوونەوەی مەترسی بۆسەر هاوڵاتیانی کوردستان زیاتر دەبێت و وەکو خۆی دەڵێ ئەگەری شەڕی نەتەوەیی لەنێوان کورد و عەرەب زیاد دەکات! ئەمە کێشەیەکی راستەقینەو واقعیە کە روبەروی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە. خەڵکی سکۆتلەنداو هاوڵاتی سکۆتلەندی کێشەی نەتەوەیی نیە. کێشەی ئەوە نیە کە بەپێی پێناسەی سکۆتی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی دیاری کرابێت. هاوڵاتی سکۆتلەندی هاوڵاتی یەکسانە وەکو هەر هاوڵاتیەکی بەریتانی. کێشەی ئەوەی نیە کە لە داهاتوودا روبەرووی شەڕی نەتەوەیی بێتەوە! بەڵام هاوڵاتی کوردی عێراق لەپاڵ هەموو ئەو کێشە ئابوری وسیاسی و کۆمەڵاتیانەی بەهۆی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیەوە تووشی هاتوە، کە هاورێ موئەیەد بە دروستی ئاماژەی پێدەکات، هاوکات کێشەیەکی دیکەی هەیەو ماوەتەوە کە میراتی ستەمی نەتەوەیی دەیان ساڵەیەو لەگەڵ نەمانی ئەم ستەمەشدا بەشێوەیەکی کاتی، بەڵام ئەم کێشەیە لەچوارچێوەی فیدراڵیزمی نەتەوەیی عێراقدا چارەسەر نەکراوەو بگرە رەسمیەتی پێدراوە. چارەسەر نەبوونی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی یەکجاری و هاوکات موستەحیل بوونی ئیمکانی

بەهرەمەندبوون لە مافی هاوڵاتی یەکسان بۆ هاوڵاتیانی کوردی دانیشتوی عێراق لەچوارچێوەی دەسەلاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی- ناسیۆنالیستی ئێستای عێراق، ئەو مەترسیەیە کە هەمیشە وەکو هاوڕێ موئەیەد بە دروستی دەڵێت ئەگەری هەڵایسانی شەڕی نەتەوەیی لەبەردەم هاوڵاتیانی کورد وعەرەبی عێراقدایە.

بێجگە لەوانەی باسکران، پاشخانی دەیان ساڵەی ستەمی نەتەوایەتی و یەکترکوشتنی هاوڵاتیانی کوردو عەرەب لەسەر دەستی دەوڵەتی نەتەوەپەرستی عێراق و هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکان و کۆمەڵوکوژی و ئەنفال و دواتریش فیدراڵیزمی نەتەوەیی و دەسەڵاتی تائیفی و کۆنەپەرستی بۆرژوازی عێراق ئەمانە هەمویان دەوری خراپیان گێراوە بۆ پەرەدان بە دەمارگیری نەتەوەیی لەناو هاوڵاتیانی عێراق و هەروەها لەناو چینی کرێکاری عێراق دا. کرێکاری کورد کەمتر هەستی ئەوەی هەیە کە خۆی بە هاوبەش بزانێ لەگەڵ کرێکاری عەرەبدا! هێشتا هەست و سۆزی نەتەوەیی، بەپێچەوانەی بۆچونەکەی هاوڕێ موئەیەدەوە کاریگەری گەورەی لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان هەیە. ئەم هەلومەرجە ئەوەندە کرێکارو زەحمەتێکێشی کوردی خستۆتە پاڵ بۆرژوازیەکەیەوە لەم پرسە سیاسیەدا کە سەربارەی رەخنەو گازندەکانی لە بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی، بەڵام هێشتاش لە مەسەلەی سەربەخۆییدا خۆی بەهاوبەشی ئەو دەزانی! بەپێچەوانەی لێکدانەوەکەی هاوڕێ موئەیەد کە " کەمپی نەخێر بۆ ریفراندۆم " بە ململانێیەکی "جەنینی" چینایەتی دەزانێ، زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆیی و جیابونەوەن، بەڵام لەبەرئەوەی پارتی پێشنیاری کردوە دژی دەوەستنەوە! واتە مەسەلەکە بەوجۆرە نیە کە خەڵکی کوردستان بەپێی هەست وسۆزی نەتەوەیی نارِوانێتە مەسەلەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی و مەسەلەو پێودانگە ئابوری و سیاسیەکانی ژیانیان بریار دەدات!! ئەو نەخێرەی ئێستا بۆ ریفراندۆم کە هاوڕێ موئەیەد بە ئیجابی لێی دەڕوانێت، بەداخەوە ماکی تووشبوونی بەشێکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانە بەوهەمە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسۆن بوون و رزگاربیەخش بوونی باڵێکی دیکەی بۆرژوازی!!!

*********************